## کەش و هەوای ناسەقامگیرو چڕبونەوەی کیشەی دوو بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز .

خەبات و موبارزەی چینی کرێکار لەدژی فشار و سەرکوتی بێ پسانەوەی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری بۆ بەدەست هێنانی هەل و مەرجێکی گونجاو و لەبارتری سیاسی ، کومەڵایەتی و ئینسانی بەردەوام درێژەی هەیە . بەرەوپێشچوون و بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەم تێکوشانەش مەبەستدارە و لە هەر قۆناغ و مەنزڵێکی دیاری کراودا ، تایبەتمەندی خۆی هەیە کە پێویستە لە بەر چاو بگیرێن . لەو بابەتەوە ئێستا لە ئێران بە کوردستانیشەوە، دو خاڵی جێگای سەرنج و تێرامان لە بەر چاون کە لێرەدا شیکردنەوەیان بە پێویست دەزانین .

یەکەم : بزوتنەوەی چینی کرێکاری ئێران بە هیمەتی خەبات وتێکوشانێکی زۆر لە چەند ساڵی رابردو دا تەکانێکی لە خۆداوەو بەرەوپێش چونێکی نیسبی بەخۆیەوە بینیوە .

بزوتنەوەی کرێکاری لەو قۆناغەدا توانیویێتی هیندێك دەستکەوت وئەزمونی بەنرخی وەك سەپاندنی ریکخراوە جەماوەری و کریکاری سەر بەخۆ لە دەوڵەت ، جێخستنی خەباتی جەماوەری بە شێوەی علەنی و قانونی، تێپەراندنی سنوری بەرەتەسکی ناوچەیی و تا رادەیەکیش سەرکەوتن لەبواری داخوازیە کرێکاریەکانی وەك ئەستاندنی حەقدەستە دوا کەوتوەکان، پێشگری لە بێکارکردن وئیخراجی کریکاران و داخسنی کارگاو شوینی کار. لە گشت ئەو مەیدانانەدا بزوتنەوەی کرێکاری ئاستێکی دیاریکراو لە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام نابێ بەهیچ شێوەیەك ئەوەش نادیدەبگیرێ کە ماوەیەکە ئەم بزوتنەوە هەر لە و ئاستە لە پێشکەوتندا چەقی بەستووە و لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە .

بێگومان رابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی وشیار باش دەزانن و حاڵێن لەوە کە ئەم حاڵەتی راوەستانەی بزوتنەوەی جەماوەری کرێکاران دەبێ وەك وچانێك بۆ هەڵسەنگاندنی تەرازوی هێزو هەموار کردنی رێگای بەرەوپێشچونی زیاتر کەڵکی لێوەرگیرێ. ئەگینا لە لایەکەوە دەبێتە هۆی تەزین و تاسانی بزوتنەوەی کرێکاری بە گشتی و بوماوەیەکی نادیار لە جێی خۆیدا مانەوە، وە لەلایەکی تریشەوە دانی مەجالێکە بە چینی سەرمایەدارو دەوڵەتەکەیان کە بۆ دارشتنی نەخشە وپیلانی هێرش وسەرکوت بە مەبەستی ستاندنەوەی دەستکەوتەکانی تا ئێستامان بکاریدێنن . بۆیە بزوتنەوەی

کرێکاری نابێ و ناتوانێ هەر بەو میزانە دەستکەوت و بەرەوپێشچوونە رازی بێت کە ئاماژەیان پێکرا . بەڵکو دەزانێ پاراستن و زەمانەتکردنی هەر ئەم بەشەش رێك گرێدراوە بە خەبات وموبارەزە لە پیناو بەدەست هێنانی ویست وداخوازیە سیاسی _ چینایەتیەکانی زیاتری کرێکاران وبزوتنەوە جەماوەریەکان و سەر ئەنجام پاککردنەوەی ئێران لە وجودی نگریسی حکومەتی کوماری ئیسلامی .

دووهەمین خاڵ کە پێویستە لەبەر چاوبگیرێ ، هەڵوێست و کردەوەی رژیمی کۆماری ئیسلامیە بەرامبەر هەل ومەرجێك کە ئێستا لەوبابەتەوە تێدا بە سەر دەبا . دەوڵەتی کۆنە پەرستی ئێران لە زاتی دا نیە شاهیدی گەشەی هیچ بزوتنە وەیەکی چەپ وپێشکەوتنخۆاز وبەتاییەت بزوتنەوەی کرێکاری بێت ونایهەوێ بە چاو ببینێ و بەردەوام بیر لە چۆنیەتی سەر کوت و ستاندنەوەی هەرئەم دەستکەوەتە کەمەش دەکاتەوە ، کە تا ئێستا و بەم گشتە خەبات و دردەسەریە بەدەست هاتوون . یانی دەبێ بزانین ئەوە هەر چینی کریکار نیە هەست بەناسەقامگیری هەل ومەرجەکە دەکاو لە هەوڵی پێکهێنانی ئالگۆرێکی بەمەیل و بەرژەوەندی خۆی دابێت ، بەڵکو دەوڵەت و چینی دەسەڵاتداری ئێران زیاتر لە ئێمە بەفکری شێواندن وتێکدانی ئەم تەرازوی هێزە بەنەفعی خۆیانن کە ئێستا وجودی هەیە و بەرهەمی خەباتێکی دووردرێژی کۆمەڵانی چەساوەو ستەمدیدەی ئێرانە. جیالەوەش قەیرانێکی کەم وینەو تازە کە زۆر تا کەم گشت سیستەم و نیزامی سەرمایەداری جیهانی گرتۆتەوە و بە پێچەوانەی ئیدیعای پووچ وعەوامانەی سەرکوماری حکومەتی سەرمایە داری ئیسلامی ئێران ، ئیستا باڵی کێشاوە بەسەر ئەم وڵاتەشداو بێشك ئاستی گیروگرفتە کانیان چەند قات بەرز دەکاتە وە . دابەزینی نرخی نەوەت لە بازاردا بەرێژەی 115دوولار لە هەر بۆشکەیەك ، یانی لەماوەی کەمتر لە دوومانگدا لە150دوولارەوە بۆ35دوولار دابەزیوە . بۆدەوڵەتێکی کە زیاتر لە هەرشتێکی تر پشتی بە فرۆشتنی نەوت بەستوە و لەباری ئابوری و سیاسیەوە بێکیفایەتیەکەی بۆهەموان دەرکەوتوە و هەر ئێستاش لەژێر گەمارۆی ئابوری جیهانی دایە ، بە نەزەر ناگات دەربازبوون لە وەها هەل و مەرجێك کارێکی ئاسان بێت . بەڵام هیچ گومان لەوەدانیە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سوککردنی باری ئەم قەیرانە لەسەرشانی خۆی پێش هەموو شتێك چاوی بریوەتە سفرەی خاڵی وبێ رەونەقی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران . یانی هەرئەوانن کە دەبێ باجی دزی و جینایەتەکانی دەسەڵاتداران بدەن ،

دەبێ زۆرتر وخێراتر کاربکەن و بچەوسێنەوە و بەحەقدەستی کەمتریش رازین تا ئیسلام نەکەوێتە خەتەر . ئەوەش پێشبینی دەکرێ کە بێکاری و لەدەستدانی شوغلێ زیاترلە جاران بەر دەرگا بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران دەگرێ . بەکورتی کێشمەکێشی نێوان بزوتنەوەکۆمەلایەتیەکان و بەتایبەت بزوتنەوەی کرێکاری لە گەلێ دەولەتی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی روو لە کەمبوون نیەو هەردێت و چڕتردەبێتەوە ، بەرژەوەندی هیچکامیان مەجالی بیخەیالی وچاوپۆشی نەهێشتوەتەوە و پێویستە ئالێ و گۆری بەسەردابێت . بۆیە هەرچەشنە کەمتەرخەمیەکی ڕابەران و هەلسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری لەوبابەتەوە زەرەرمەندبوونی بەشوێنەوەیە و بۆدەورەیەکی نامەعلوم ناچاربە نەسکۆ وپاشەکشەی دەکات . رژیمی کۆماری ئیسلامی بە نیگەرانیەوە هەل و مەرجەکە هەلدەسەنگێنێ و بۆ بەرگری لە بەرژەوەندی چینی سەرمایەدارو دەرباز بوونی خۆی لەو وەزعە قەیراناویە دەمێکە دەستبەکاربووە . مانۆری سیهەزار کەسی وچەندین جارەی هێزەکانی بۆناوشارەکان بەمەبەستی ترساندن وبێدەنگکردنی خەلکی نارازی ، دەستگیری بەربلاوی هەلسوراوانی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان ، ئیعدام وخنکاندنی بەکۆمەلی بەندکراوان ، راگرتن ودەست بەسەرکردنی رابەران وهەلسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاری لە گرتوخانەکاندا ، هەر لە مە نسوری ئۆسانلو و ئەفشین شەمس_ەوە بگرە تادەستگیری وبەندکردنی ئەم دوایانەی پێدڕام نەسرولاهی ئەندامی ( کومیتەی هەماهنگی بۆ یارمەتیدان بە پیك هاتنی ریکخراوە کریکاریکاریە کان ) و مۆحسین حەکیمی ئەندامی ( کانونی نوسەرانی ئێران ) و هەلسوراوی بزوتنەوەی کرێکاری ، وە راگرتنی کەشوهەوای شەرخۆازانە لەرێگای درێژەدان بە پرۆژە ناوەکیەکەی بەشێك لەو بەرنامانەن کە هەر بە مەبەستەوە ئە نجام دراون وئە نجامیش دەدرین .

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە هەل ومەرجی سیاسی وکۆمەلایەتی ئێستای ئێران بەگشتی لەرزۆك و ناپایەدارە . تەرازوی هێزی بەینی بەرەی کرێکار و چەپی کۆمەلگا و دەولەتی کوماری ئیسلامی وسەرمایەداری ئێرانیش هەر لەو کۆمەلگایەدا شکلی گرتووە ، ناسەقامگیرە و بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ هەمیشەیی و ماندگاربێ و پێویستی بەگۆڕانکاریە و هەرلایەنە و بەپێی بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی لە هەولی گۆرینی دایە . لێرە دا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە دەورونەخشی لایەنی تری ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی یان باشترە بلێین بەرەی سەرمایەدار و ناسیۆنالیستی ئۆپۆزسیۆنی

کۆماری ئیسلامیش لەو بابەتەوە هیچ چاوەروانیەکی ئەوتۆی لێناکرێ و بگرە هەمیشەش دەبێ بە چاوی گوامانەوە سەیربکرێ و وشیارانە هەڵس و کەوتی لە گەڵ بکرێت . ڕەنگە هیچکام لەو قسە وباسانە شتێکی زۆرتازە ونەبیستراو نەبن ، بەڵام دەکرێ چاوپێداخشانەوەیەکی لەسەریەك و لە پاڵ یەکدا ، یارمەتی دەر بێت بۆباشتر ناسینی ئەو هەل ومەرجە کە بەگشتی تێیدا خەریکی بردنە پێشی ئەرك و وەزیفە سیاسی وشۆڕشگێڕانەین و دەمانهەوێت بیگۆرین . چاك ناسینی ئەو هەل ومەرجەش خۆی یارمەتی دەرە بۆچۆنیەتی پێشوازیکردن لە ئەگەرو پێشهاتەکان کە پێشدەستی کردن و گرتنی هەڵوێستی دوروستمان بۆ پێکهێنانی ئاڵ و گۆ ر لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی کرێکاری بۆ ئاسان دەکاتەوە . بێگومان ڕابەران وهەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاریش لە بەرابە پیلان و سیاسەتی سەرکوت وچەوسێنەرانەی رژیمی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نابن و دەست لەسەر دەست دانانێن و وەڵامی شیاو شۆڕشگێڕانەیان هەم بۆچینی کرێکارو هەم بۆچینی چەوسێنەری دژبەریان لەبەردەستدایە . لەم دەورە هەستیارەی ئێستاشدا بەکەڵك وەرگرتن لەتەجربە وئەزمونەکانی تائێستا و لە رێگای بەرفراوانترکردنەوەی خەباتی عەلەنی و جەماوەری وهێنانە مەیدانی هەرچی زیاتری کۆمەڵانی کرێکارو زەحمەتکێش لەدەوری داخۆازیە رەواکانیان و پشتبەستن بە هێزی یەکدەستی وشیار و رێکخراوی چینایەتی خۆیان ، هەمو نەخشەو پیلانێکی دوژمنانی چینایەتیان پوچەڵدەکەنەوە . لەکۆتایی دا پێویستە ئەوش بگوترێ ، کاتیك بەکرێگیراوانی رژیم بەو پەری بێشەرمی وبەبێ ئیزن خۆ دەکەن بە ناو ماڵ و مەنزڵی هەر کەس و پیان خۆش بێ حورمەت وکەرامەتی ئینسانی پێشێل دەکەن ، پێویستە خەڵکی گەرەك و دەوروبەر بەگشتی لە بەرامبەریان دا رابوەستن ونەهێڵن درێژە بەو کردەوە دژە ئینسانیە بدەن . هەر وەها پێویستە بۆ خۆپاراستن لە بڕووبیانوی چڵکاو خورانی سەرمایە و دور لە هەر چە شنە تەوەهوم وخۆش باوەریك هیچ بەڵگەیەکی تەشکیلا تی و سازما نی بە دەستەوە نەدەین و خاڵی کردنی هەمو کەلێن وقوژبنێك لەو بابەتەوە لە بەر چاو بگیرێت .

بارزان حسن پور

1387/10/5